دەستپێکی بەسەرهاتی ئەو مرۆڤەی کە زۆر لە چیرۆکی من دەچێ

عیرفان . ش

من هەرگیز لەو باوەڕە دانەبووم کە چیرۆکی هیچ کەسی دیکە لە بەسەرهاتی ژیانی من سەخت و ناخۆشتر بووبێ، بەڵام کاتێک چیرۆکی ژیانی **سلێمان**، ئەو مرۆڤەی کە ساڵی ١٩٨١ لە سوید مردووە، خوێندەوە، لە دڵەوە گریام، ئاخر بەسەرهاتی ژیانی ئەو زۆر لە هی من قورس و دەردناکتر بووە، ئەو بە تەنیا ئاوارەی هەندەران بووەو بە تەنیایش سەری ناوەتەوە.

سلێمان لەو چاوپێکەوتنەی کە رۆژنامەوانێکی سویدی ساڵی ١٩٨١ لەگەڵیدا کردوویەتی بە کورتی بەسەرهاتی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە، ئاماژەی بە کوێرەوەری و مەرگەساتەکان نەکردووە، بەسادەیی خەمەکانی تەمەنی خۆی گێڕاوەتەوە، سلێمان گوتویەتی: "ساڵی ١٩١١ لە گوندی تۆنستەرای باکوری کوردستان لە دایک بووە، دوو برای دیکە هەبووە، بەڵام کاتێک لەشکری تورک بەمەبەستی قڕکردنی ئەوان پەلاماری گوندەکەی ئەوانی داوە، ئەوان لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکەیان ناچاربوونە کە هەڵبێن و خۆیان دەرباز بکەن، ئەو کات تەمەنی سلێمان ٧ ساڵان بووە" منیش دوو برای دیکەم هەبوو، لە گوندێکی باشووری کوردستان دەژیایین، حکومەتی بەعس گەمارۆی داین، ئێمەش هەڵاتین.

سلێمان گوتویەتی لە سەفەری هەڵاتندا دایکی کە توانای هەڵگرتنی منداڵە بچووکەکەی نەبووە، فڕێی داوەو جێی هێشتووە، چەند سەعات دواتر دایکیشی مردووە، بەو شێوە دایکی و برایێکی لەسەفەری راکردن دا گیانیان لەدەست داوە، ئەو سالحی برای لەگەڵ باوکی چونەتە ئازەربایجان. منیش لەسەفەری هەڵاتندا دایکم و خوشکە بچووکەکەم لەدەستدا، دایکم لەشاخ هەڵدێرا، خۆی و کچەکەی گیانیان لەدەست دا، من و باوکم و براکەم خۆمان گەیاندە ئێران.

سلێمان لەو دیدارەدا کە دواییین دیداری بووە، گوتویەتی کە لە ئازەربایجان باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەو و سالحی برای بەرەو گورجستان رۆیشتوون، لە کەلاوەیەکی نزیک شاری تفلیس، پێتەختی ئەو وڵاتەدا ژیاون. ئێمەش کە چووینە ئێران، لە شارۆچکەیەکی نزیک تارانی پێتەختی ئێران گیرساینەوە، باوکم لێمان دابڕا، باوکم نەمرد، بەڵکو ژنێکی دیکەی هێناو ئێمەی ناچار کرد کە بچینە شوێنی دیکەو کار بکەین.

سلێمان باسی کردووە کە لە تفلیس کابرایێکی ئەڵمانی ناسیووە، ئەو سلێمانی لەگەڵ خۆی بۆ گوندێکی ئۆکرانیای بردووە، کەسێکی دیکەش سالحی برای لەگەڵ خۆیدا بردووە، ئیدی لەیەکتر دابڕاون و یەکتریان نەدیتەوە. من و براکەشم بەیەکەوە رووماں لە مورغدارییێک کرد، بەڵام خاوەنەکەی تەنیا منی وەرگرت، براکەمی نارد بۆ لای ناسیاوێکی دیکەی کە رەزو باخێکی گەورەی هەبوو، ئەسپی جۆراجۆری بەخێو دەکرد. ئیدی بەو شێوەیە من و براکەم لەیەکتر دابڕاین، بەڵام ئێمە مانگانە یەکترمان دەبینی.

سلێمان باسی کردووە کە کابرای ئەڵمانی لەگەڵی خراپ بووەو دارکاری کردووە، چەند جارێک هەڵاتووەو کابرا پەیدای کردۆتەوە، دواتر چۆتە گوندێکی دیکەو ماڵێکی سوێدی بەخۆیان گرتووە. خاوەن مورغداریەکەی منیش زۆر دڵڕەق بوو، رەزیل و قرچۆک بوو، رقی لە دانی خۆی دەبۆوە کە نانی پێدەخوارد، خواردنی بەرماوەی بە من دەدا، زۆر جارانیش دارکاری دەکردم، سوێندی لێدەخواردم ئەگەر بیگێڕمەوە، ئەوە من و براکەم بە گرتن دەدات. سەرەنجام من سەری خۆم هەڵگرت و چووم لە لای کەسێکی دیکە دەستم بە کارکردن کرد.

سلێمان گوتویەتی ئەو ماڵە سویدیە ناوەکەیان گۆڕیوەو کردویانە بە ئەلێکساندەر کنوتاس. منیش لەلایەن خاوەن کارەکەمەوە ناوەکەم گۆڕدرا بۆ عەلی دۆست.

ئەلێکساندەر کنوتاس دەرگەی خۆشی لێکراوەتەوەو ئەو ماڵە لەگەڵ خۆیان دا بردوویانە بۆ سوید، لەوێ وەک هەر کەسێکی دیکە ژیاوەو ساڵی ١٩٨١ ئەو ساڵەی کە دیدارە رۆژنامەوانیەکەی لەگەڵدا کراوە، کۆچی دوایی کردووە.

من لەلای ئەو کەسەی کە ناوەکەی کردبووم بە عەلی دۆست دەرگەی خۆشیم لێکرایەوە، چەند ساڵێک لەگەڵ ئەواندا ژیام، بەڵام کاتێ ئەوان بەرەو کەنەدا رۆیشتن، منیان لەگەڵ خۆیاندا نەبرد و منیان سەرگەردان کرد، ئەگەرچی من چاکەی ئەو خێزانە لەبیر ناکەم، بەڵام رۆیشتنی ئەوان داخ و کەسەرێکی گەورەی بۆ دروست کردم. من پێوەندیم لەگەڵ باوکم پچرابوو، ئاگام لەبرا گەورەکەشم نەمابوو، چونکە ئیدی ئەو گەورە ببوو، دەیتوانی لەهەر شوێنێک کریکاری بکات و نانی خۆی پەیدا بکات.

سلێمان دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت تا مردن براکەی بدۆزێتەوە، بەڵام من داوی رۆیشتنی ئەو خێزانە بە مانگێک براکەی خۆم دۆزیەوە، ماوەیەک بەیەکەوە گوزەراندمان، بەڵام بۆ لای باوکم نەگەڕاینەوە.

من زۆر بێ پەروا بەدوای کارکردن دەگەڕام، براکەم لە ژیانی ئاوارەیی بێزارو ماندوو ببوو، بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ هەندێک کورد دروستی کردبوو، بەمەبەستی شەڕکردن لە پێناو رزگارکردنی زێدی باب و باپیران گەڕایەوە و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد. من رقم لە چەک و چەکداری دەبۆوە، ئەوەندەش تەمەنم نەبوو تا بۆ چەکداری دەست بدەم، بۆیە من تەنیا مامەوە. براکەم رۆیشت و نەگەڕایەوە، من دەمزانی لەگەڵ کێ بەرەو وڵات گەڕایەوە، بێ پەروا بەدوای سۆراخی دەگەڕام، سەرەنجام هەواڵی شەهیدبوونی براکەم پێگەیشت، ئیدی دەستم لەویش بەربوو، تەنیا مامەوە، ناچار بووم خۆم لەنێو تارانی دەریادا ون بکەم و بژێوی رۆژانەم پەیدا بکەم.

هێواش هێواش بەڵام دەکرد و گەورە دەبووم،شەڕی عێراق- ئێران تەنگی بە گەنج و لاوان هەڵچنی بوو، بەوهۆیەوە دەبوایە زۆر لێزانانە هاموشۆی بازار بکەم، بە دەگمەن نەبووایە دەرنەدەکەوتم، بەردەوام لەو کارگەیە دەمامەوە کە کارم تێدا دەکرد.

من نەک هەر ئاگام لە باوکم نەمابوو، بەڵکو نەمدەزانی لە دونیای دەرەوەی کارگە چی دەگوزەرێ، خاوەن کارگە مرۆڤێکی بەساڵاچووی دڵپاک بوو، رێزی دەگرتم، بەزەیی پێمدا دەهاتەوە، دەیزانی ناتوانم هاتوچۆی بازاڕ بکەم، ئەو بۆ خۆی خۆراک وپێداویستی بۆ دابین دەکردم.

لە رێگەی رادیۆوە هەواڵی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەم بیست، هەر لە رێگەی رادیۆشەوە هەواڵی راگرتنی جەنگی نێوان عێراق - ئێرانم بەرگوێ کەوت، یەکەمین زۆر دەردناک و دووەمیان زۆر شادی هێن بوو. هەرچەندە من بیرم لە گەڕانەوەی نیشتمان نەکردبۆوە، بەڵام جار جارە کە تەنیا دەمامەوە، غوربەت بەخۆی هەڵنەدەگرتم و بەرەو یادەوەریەکانی منداڵی دەیگێڕامەوە، خۆم لەنێو زێدو خزمانی خۆم دەدیتەوە، منداڵی بانگی دەکردمەوە، دەمویست بە راکردن بۆلای بگەڕێمەوە، دوایی بیردم لە بێکەسی خۆم دەکردەوە، کزو مەلول سەرم لە سەرین گیر دەکردو دەڕازام.

دوای راوەستانی شەڕ ئیدی هەناسەیەکم وەبەر هاتەوە، دەمتوانی دوای کارکردن بەسەر شەقامەکانی تاراندا پیاسەیەک بکەم، دەچوومە کوچە عەرەب، هەندێجار دەچوومە تێرمینالی ئازادی هەر لەخۆمەوە بۆنی کوردی پەڕیوەم دەکردم و ئەوانم دەناسیەوە، جار جارە لێیان نزیک دەبووەوە، بەڵام من خۆم وەک کوردێکی تاران دەناساند، هەرگیزیش باسی سیاسەتەم نەدەکرد.

سەردانەکانی کوچە عەرەب دۆست و ئاشنای زۆریان بۆ پەیدا کردم، کەسانێکم ناسی کە پەرۆشی رۆیشتن بۆ ئەورۆپا بوون،دڵی منیشیان بەلای خۆیان راکێشا، من پارەو پولم کۆکردبۆوە، بەڵام نەمدەویرا هەروا لەخۆرایی بیدۆڕێنم، رۆژێکیان ئەو مەسەلەیەم لای خاوەن کارەکەم باس کرد، ئەو بۆ خۆی حەزی بە ئەورۆپا نەدەکرد، بەڵام دڵگەرمی کردم، تەنیا رێنوێنی کردم کە باوەڕ بەهەموو کەسێک نەکەم، ئاگام لەخۆم بێ و خۆم نەفەوتێنم، ئامۆژگاریەکانی باوکانەو دڵسۆزانە بوون، ئیدی زۆر بەوردی لە مەسەلەکەم کۆڵیەوە، رێگەی هات و نەهات بوو، سەرەڕۆیی کردن بە گیان بوو، وێرای ئەوانەشەوە ئاشناکانم دڵیان نەرم کردم، بەگوێرەی بەرنامەی دارێژراو لە تاران بەرێکەوتین و بەرەو مەشهەد رۆیشتین، لەوێ یەکێتی سۆڤیەتی خۆت بگرە هاتین. هەرچەندە رێگەکەی زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام بێ گرفت گەیشتینە مۆسکۆ. ئای کە شارێکی ساردبوو. من لەتەمەنی خۆمدا ساردی بەو شێوەیەم نەبینی بوو، جلی گەرمم لەبەرد دەکرد، پاڵتۆی ئەستوورم کڕی بوو، کەچی هەر گەرم نەدەبوومەوە، سەرما گەمارۆی دابووم،دەیبەزاندم. هەڵپەی دەربازبوونم دەکرد، وەڵی دەرچوون پیاوی شارەزای دەویست.

من بەبێ کەسی و لەتەنیایدا گەورەببووم، باکم بە غوربەت و ئاوارەیی نەبوو، هێشتا پێم لە هەژدە ساڵی نەنابوو، ئەمەش دەرفەتی دەرچوونمی ئاسان کردبوو. لە مۆسکۆ ژمارەیەک کوردم ناسی کە لەوێ دەیانخوێند، ئەوان زمانزان و شارەزابوون، رێگەی دەرچوونیان بۆ دۆزیمەوە. منیان رادەستی کابرایێکی رووس کرد، گوتیان ئەمە قاچاغچیەو هەتا سوێدت دەبات.

کابرای رووس لەبەرانبەر بردنی من بۆ سوێد پارەیەکی کەمی داواکرد، من زیاترم پێبوو. ئیدی بەرەو تالین بەرێکەوتین، لەوێوە بە پەساپۆرتێکی بەرازیلی سواری کەشتی بووین و لە بەندەرێکی سوێد دابەزین، هەر زۆر بە ئاسانی لە کۆنترۆڵ و پۆلیس دەربازبووین. کابرای رووس دلۆڤان و راستگۆ بوو، بەبێ کێشەو گرفت منی گەیاندە سوێد، لەگەڵم هات و بەردەم بەرێوەبەرێتی پەنابەران ماڵئاوایی لێکردم. من چونکە تەمەنم لە هەژدە ساڵی کەمتر بوو، منیان بە ماڵێکی سوێدی سپارد. ئەوان ژن و مێردێکی بەختەوەربوون، تەمەنیان لەسەرووی پەنجا ساڵی دەبوو، هیچ منداڵیان نەبوو، لە گوندێکی نزیک پێتەخت دەژیان.ماوەی ساڵ و نیوێک لەگەڵ ئەوان دا ژیام، بەهۆی ئەوانەوە زمان فێربووم و بە خێرایی فێرگەم تەواو کرد.

بەسەرهاتی من و سیلمان زۆر لەیەکتری دەچن، ئەو بەهۆی شەڕ ئاوارەببوو، دوای شەڕ گەیشتە سوید لە نێو خیزانێکی سویدی ژیا، منیش بەهۆی شەر ئاوارەبووم، دوای تەواوبوونی شەر گەیشتمە سوید و لەنێو خێزانێکی سویدی ژیانم و زمان فێربووم. ئەوەی من و سلێمان لەیەکتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ئەو بە تامردن کەسوکارو وڵاتی خۆی نەدیتەوە، بەڵام من گەڕامەوە وڵات، خزم و کەسانی خۆم دیتەوە، باوکم دوو براو سێ خوشکی دیکەی بۆ هێناومەتە ژیان، هەرچەندە خۆشەویستی باوکم لە دڵی منداڵ سڕاوەتەوە، بەڵام تا ئەو پەڕی سنوور خوشک و براکانی خۆم خۆشدەوێن. خوا تەمەنیان درێژ بکات و سەرکەوتوویان بکات

چاوەکانت تەمەنت دیار دەکات

چۆن دڵی هاوسەرەکەت خۆش دەکەیت؟!

زانستوانانی دانمارک لە دۆزینەوەو داهێنانێکی کەم وێنەدا توانیان بەهۆی گەردەبینی چاوی مرۆڤەوە تەمەنی مرۆڤ دیار بکەن.

زانستوانانی وڵاتی دانمارک لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ماوەی ساڵ و نیوێکی خایاندووە بەو راستیە گەیشتوون کە بەهۆی کریستالینەکانی دووربینی چاوەوە دەتوانرێ ساڵ و مانگ و رۆژی لەدایک بوون دیاری بکرێ.

بڵاوکراوەی پلوس وەن Plos one بڵاوی کردۆتەوە کە زانستوانانی دانمارک بە رادیۆ کاربۆنی کە ناوەوەی کریستاڵ دیاری دەکات، توانیویانە تەمەنی ١٣ کەس بە تەواوی دەستنیشان بکەن، ئەمەش دۆزینەوەو داهێنانی سەرسوڕهێنەرە، لەمەوبەدوا دەتوانرێ تەمەنی هەموو کەسێک نیشان بکرێ و کەس نەتوانێ فرت و فێڵ لەتەمەنی خۆیدا بکات، خۆی بچووک یان گەورە پێشان بدات.

نیلز نیلرۆپ لێکۆڵەری پزیشکی دادوەری زانستگەی کۆپنهاگن رایگەیاند کە ئێمە بۆ ناسینەوەی مرۆڤەکان هەمیشە بەدواداچوونمان بۆ تەمەنی مردوەکان دەکرد، زانستوانانیش ماوەیەک رادیۆکاربۆنیان بۆ دیاریکردنی مێژووی ئێسکەکان دەکار دەکرد، دواتر بۆ مینای ددان سوودیان لێوەرگرت، تا ماوەی مردنیان دەست نیشان بکرێ، بەڵام ئێستا زانستوانان بۆ دەست نیشان کردنی تەمەنی مرۆڤەکان سوود لە کاربۆنی ١٤ وەربگرن.

خاڵی لاوازی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە کە دوای پوکانەوە جەستەی مرۆڤ لەماوەی چەند رۆژێکدا گەردەبینی لەبێن دەچێ، ئەمەش بۆ دیاریکردنی تەمەنی ئەوانەی کەماوەیەک بەسەر مردنیان دا تێپەڕیوە ناکام دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ دیاریکردنی تەمەنی زیندووان کاریگەری و ئەنجام باش بەردەستەوە دەدات، هاوکاری باش بە پۆلیس و لایەنی دادوەری دەکات.

زانستوانان پێیانوایە کریستالی گەردەبینی چاو لەکاتی هاتنە دنیاوە ئەندازەی خۆی وەردەگرێ و تا مردن گۆڕانکاری بەسەر دانایەت، بەوهۆیەشەوە کاتی هاتنە ژیان دەست نیشان دەکرێ.

برای بەڕێزم ئەگەر دەتەوێ دڵی هاوسەرەکەت خۆش بکەیت و ژیانێکی بێ کێشەو گرفتی خێزانیت هەبێ، زۆر پێویستە کە :

١- رێزی خەسو، خەزورو خوشک و براکانی هاوسەرەکەت بگریت! بەردەوام لەلای هاوسەرەکەت باسی ئەوان بکەیت، وا پێشان بدەیت کە غەریبیان دەکەیت.

٢- هەمیشە ستایشی دەست پەزی هاوسەرەکەت بکەیت، ئەگەر قوزەڵقورتیشی دروست کردبوو هەر سوپاسی بکەو وا پێشان بدە کە تام و چێژێکی خۆشی هەیە.

٣- بەردەوام خۆشەویستی خۆتی بۆ دووپات بکەرەوە، باس لە جوانی و کابانی و دەست رەنگینی هاوسەرەکەت بکە.

٤- هەرچی ویستی بۆی دابین بکە، هەرگیز بە رەقی وەڵامی مەدەرەوە.

٥- هەرگیز تەماشای ژن و کچانی دیکە نەکەیت و پێیان سەرسام نەبیت.

٦- هەمیشە ئامادەیی خۆت بۆ کڕینی جل و بەرگی نوێ و ناوماڵی تازە پێشان بدە، تەنانەت ئەگەر یەک دیناریشت لەباخەڵ نەبوو، بەڵام هەر بەڵێنی پێبدە هەرکاتێ پارەت هاتە دەست ئەو شتانە دەکڕی و بە شایستەی ئەوی دەزانیت.

٧- لە ساڵیادی لەدایک بوونی و ساڵڕۆژی زەماوەندتان دا دیاری دڵپەسندی بۆ بکڕە. لە رۆژی دڵان و رۆژی خۆشەویستیدا دیاری تایبەتی بۆ بکڕە و لەباوەشی بگرەو وا پێشان بدە کە ژیان بەبێ ئەو هیچ واتایێکی نیەو نابێ!!

٨- ئەگەر ویستی بۆ هەر شوێنێ بچێ، رێگەی لێ مەگرەو پرسیاری لێمەکە، وا پێشان بدە کە متمانەی تەواوی پێدەکەیت و دەزانین کە پاک و بێگەردە.

٩- سەرپێچی بڕیارەکانی مەکە، لە کاتێکدا کە تووڕەو دڵ توندە تۆ ئارام و لەسەرخۆ دانیشە.

١٠- هەوڵبدە کارسازێکی باش بیت، شارەزایی پێویست لەبارەی ژیانی هاوسەرێتی و سێکسیدا پەیدا بکە، توانای چاک کردنەوەی هەموو شتە شکاوەکانی ماڵەوەت هەبێ

خوشکی بەڕێزم ئەگەر تۆش دەتەوێ کە دڵی مێردەکەت خۆش بکەیت و ژیانێکی بێ کێشەو گرفتی خێزانی بۆ خۆت و منداڵەکانت دروست بکەیت، تەنیا و تەنیا:

بە پرسیارکردن و زۆر گوتن مێردەکەت بێزار نەکەیت، لێی گەڕێ با بەتەنیا لە ژوورەوە دابنیشێ و کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

ئامادەکردنی: رێنوار

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com